# لە شەشەمین ساڵیادی شەهید کردنی فرەنسۆ هەریری

## وەرزشکاران و وەرزشدۆستان سەری ڕێز و وەفاداری بۆ ئەو کەڵەپیاوە دادەنوێنن



**■ بەر لە شەش ساڵ و ڕۆژێکی وەکو ئەمڕۆ شاری هەولێر بە گشتی و وەرزشکاران بە تایبەتی هەواڵی شەهید بوونی سەرکردەو مامۆستا و خەمخۆری وەرزشی هەولێر شەهید فرەنسۆیان پێ گەیشت کە بەرە بەیانی (١٨-٢-٢٠٠٢) لە کاتی چوونی بۆ دەوامی فەرمی کەوتە بۆسەی ناحەزان و تیرۆرستان دەستی چەپەڵیان گەیشتە گیانی پاکی و شەهیدیان کرد زیانێکی گەورە بوو بۆ بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان و گشت وەرزشکاران هەزاران سڵاو بۆ گیانی پاکی ئەم بەرزە فرە و مردن و سەرشۆری بۆ تیرۆرستان ئەوانەی دەستی ڕەشیان گەیشتە ئەو سەرکردەیەوە و ناوی خۆیان لە زبڵدانی مێژوو تۆمار کرد، بەم بۆنەیەوە بە باشمانزانی وەکو وەفایەك بۆ ئەم شەهیدە ئەم ڕاپۆرتە ئامادە بکەین.■**

**سەرەتا حاکم جەمال سەرۆکی یانەی هەندرێن گوتی:**

لە ساڵیادی شەهیدکردنی شەهیدی سەرکردە فرەنسۆ هەریری کە بەڕاستی سەرکردەی وەرزشوانانی کوردستان بوو بە گشتی و شاری هەولێر بە تایبەتی و سەری ڕێز و نەوازش بۆ گشت شەهیدان دادەنوێنین بە تایبەتی شەهیدانی یەکی شوبات و شەهیدی سەرکردە شەهید فرەنسۆ هەریری، بە حەقیقەت شەهید فرەنسۆ هەریری ناوێکی زیندووە لە دڵی هەموو وەرزشوانان و لە دڵی هەموو نیشتمان پەروەرێك و لە دڵی خەڵکی شاری هەولێر جێگای خۆی کردبۆوە و خزمەتێکی بەرچاوی شاری هەولێری کرد و لە بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووە و ڕۆشنبیرێکی بەرچاوی کوردستان بووە و لە بواری وەرزشیش درێغی نەکردووە و تەکانێکی باشیدا بو وەرزش لەو کاتەی کە لە دەسەڵات بوو و حزمەتێکی گەورەی وەرزشوانانی کرد بۆیە هەردەم خۆمان بە قەرزاری ئەو کەلە پیاوە دەزانین.

**پاشان ڕوومان کردە کاپتنی پێشووی یانەی هەولێر پشتیوان شەبیب ئەویش بە هەناسەیەکی قوڵەوە گوتی:**

بەداخەوە لە دەستدانی ئەو سەرکردەیە زیانێکی گەورە بوو بۆ بزاڤی گەلی کورد، چونکە ئەرشیفی کورد بوو و وەرزشوان بوو و ڕۆشنبیر بوو و ئەندازیار بوو و کرێکار بوو و هونەرمەند بوو سەرەڕای ئەوەی سیاسەتمەدارێکی ناودار بوو و خۆشەویستی هەموو چین و توێژێك بوو، ڕاستە ماوەی شەش ساڵە بە جێیی هێشتوین بەڵام لای ئێمە و لە نێو دڵی جەماوەری وەرزشی هەر ماوە لەبیر ناکرێ، ئەوەی کردی هەمووی لە بەرژەوەندی خەڵك بوو و تەنیا ڕۆژێکیش بۆ بەرژەوەندی خۆی کاری نەدەکرد بەراشکاوی دەڵێم خەڵکی کوردستان بەگشتی و شاری هەولێر بە تایبەتی خۆشیان دەویست لە سەرووی هەموانەوە وەرزشوانان و وەرزش دۆستان، شەهیدبوونی ئەو سەرکردەیەش نابێ ببێتە هۆکاری سستی وەرزش دەبێ بەرپرسان تەواوکەری ڕێگای ئەو بن و خزمەتی وەرزشوانان بکەن، شەهید فرەنسۆ کاری زۆر باشی کرد ئەوەتا ئەو یاریگایەی یانەی هەولێر و هۆڵی داخراو و کۆشکی هونەر و شتی تریشی ئەنجامدا بەهیچ شێوەیەك بڕوا ناکەم ئەو پیاوە لەبیر بچێتەوە، ئەوەش ماوە بڵێم تا ئەمڕۆش کەسی وەکو ئەو شەهیدە خۆشەویستە بیری لە وەرزشوانان و هونەرمەندان و چین و توێژەکانی دیکەی نەکردۆتەوە، هیوادارین حکومەتی هەرێم پتر گرنگی بە وەرزش بدات، لە کۆتایشدا مردن و سەر شۆڕی بۆ ئەو دەستە چەپەڵانەی کە گەیشتە گیانی ئەو سەرکردە خۆشەویستە و لە خوای گەورەش داواکارم بە سزای عادیلانەی خۆیان بگەینێ.

**پاشان سەلام حوسین سکرتێری یەکێتی ناوەندی تۆپی پێیی کوردستان بەم پەیڤە هاتە ئاخاوتن و گوتی:**

لە دەستدانی ئەو شەهیدە زیانێکی گەورەیدا لە بزاڤی وەرزشی کوردستان بە گشتی و شاری هەولێریش بە تایبەتی، بەڕاستی مردنی ئەو وەرزشوانە زیانێکی گەورەی بە یانەی هەولێر گەیاند، چونکە لە دەستپێکی دابین کردنی پێداویستیەکانی یانەی وەرزشی هەولێر بوو و یەکەمین کەسیش بوو کە پشتی بە خۆی دەبەستا و خۆی خۆی بە خێو دەکرد بەداخەوە دەستی ڕەشی تیرۆرستان خەونەکانی وەرزشوانانیان لە چاڵنا، گەر شەهید فرەنسۆ لە ژیان

ڕاپۆرت: فایلی وەرزش

مابایــە وەزعی یانەی هەولێر ئاوها خراپ نەدەبوو و دەگەیشــتە لووتکە.


**دواتر حەمید خالید بەرپرسی دارایی لە یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان گوتی:** شــەهید فرەنسۆ هەریری وەرزش دۆستێك و خەمخۆری وەرزشــی شــاری هەولێر بوو و خزمەتێکی زۆری وەرزشــوانانی شــاری هەولێری کرد پێویســتە ئەوانیش لە بۆنە و یــادەکان قەد لە بیــری نەکەن بە هەقیقەت لە دەســتدانی ئەو وەرزشــوانە زیانێکی گەورە بوو بۆ وەرزش، شەهید فرەنسۆ زۆری حەز لــە وەرزش بوو، چونکە خۆی وەرزشــوان بوو و رابردویەکی وەرزشی هەبوو و پێویستە لە یاد نەکرێ.

**پاشان دکتۆر ئازاد حەسەن راگری کۆلێژی پەروەردەی وەرزشی زانکۆی ســەلاحەدین گوتی:** بە بۆنەی شەشــەمین ســاڵیادی شەهیدکردنی ســەرکردە و مامۆستای وەرزشــی شەهید فرەنسۆ هەریری ســڵاو رێزێکی تایبەتی بۆ گیانی پاکی ئەو سەرکردەیە رەوانە دەکەم لە خوای گەورەش داواکارم بە بەهەشتی بەرینی شاد بکاتــەوە، بە هەقیقەت خەمخۆری تەواوی وەرزش بوو لە شــاری هەولێر بە گشتی و بۆ یانەی هەولێر بە تایبەتی کە پاڵپشتییەکی تــەواوی یاریزانەکانی دەکرد و ســات و کاتەکانی زۆربەی زۆری لە یاریگاکان بەسەر دەبرد ئەو شەهیدە خۆشەویستی شاری هەولێر بــوو لە هەموو بوارێك و هەردەم بیری لەوە دەکردەوە چی بکات کە سوودی بۆ وەرزش هەبێت، کردنەوەی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشی و خوێندنی باڵای وەرزشی بیرۆکەی ئەو سەرکردەیە بوو کە ئێستا رەنجەکەی دەخۆینەوە کە پۆلێك لە دکتۆر و مامۆستایانی وەرزشی پێگەیاندووە کە بتوانن خزمەتێکی تەواوی بزاڤی وەرزشــی بکەن دووبارە گیانی پاکی ئەو ســەرکردەیە بە بەهەشــتی بەرین شــاد ببێتەوە.

**پاشــان دکتۆر ئالان قادر ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی لێژنەی ئۆڵۆمپی کوردســتان زیاتر تیشــکی خستە ســەر ئەم بۆنەیەوە و گوتی:** لەو یادە پیرۆزە سەری رێز نەوازش بۆ ئەم سەرکردە مەزنە دادەنوێنین و لە خوای گەورەش داواکارین جێگای بەهەشتی بەرین بێت، بەڕاســتی هەر چەند لەســەر ئەو کەلە پیــاوە بدوێن رەنگە نەتوانین ئەو مافەی بدەینێ لە ئاست ئەو خزمەتە بین کە بەرێزیان پێشکەشی بە وەرزشکارانی کوردستانی کردووە، بەڵکو بگرە لەسەر ئاستی عێراقیش خزمەتێکی باشی دەکرد، رەنگە لەو کەسانەی کە لەو کاتەی ئەو کار بە دەســت بووە لە بواری وەرزشــەوە نزیکبووە شــایەتی ئەوە بدەن کە چەند هەڤاڵێکی دڵســۆزی و خەمخۆری وەرزش بووە و چەند هەوڵی داوە کە ژێرخانی وەرزشی سەرتاسەری کوردســتان دروســت بکات و ســەرجەم ئەو لایەنە گرنگانەی بۆ وەرزشی کوردستان گرنگ بوو ئەو یەکێك بووە لە وانەی کە بیری لێکردۆتــەوە بگرە لە دامەزراندنی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشــی و پێگەیاندنی چەندین پســیۆر و کادیری وەرزشــی بگەیێنێت کە بڕوانامــەی باڵا وەربگرن بۆ ئــەوەی کاربکەن بۆ پەروەردەکردن و پێگەیاندنی نەوەیەکی دیکە لە وەرزشکارانی کوردستان، کردنەوەی بارەگا و دروســتکردنی یاریگا و هۆڵی داخــراو و مەلەوانگەی وەرزشــی کە هەموویان لە بەرنامەی شەهیدی سەرکردە بوون کە ئەمانە لە ژێرخانی وەرزشــی لە کوردستان دەبێ، چونکە هەموو لایەك دەزانیــن کە وەرزش ژێر خانی نەبێ رەنگــە ئێمە ناتوانین سەرخانەکەشی بەشــێوەیەکی راست دروست بکەین، وێرای ئەوەی ئەو کەڵە پیاوە رۆژانە لە سەرجەم رووداوە وەرزشیەکان و لە سەرجەم وەرزشکاران نزیکبووە، هەر کێشەیەك و یان هەر گرفتێك لە بواری وەرزشی هەبوایە ببوە ناســنامەیەك بۆ وەرزش و وەرزشکاران هەر زوو چارەسەری دەکرد و سەرەڕای هاوکاری لە وەرزشی لایەنەکانی دیکەی لە پاڵ وەرزش فەرامۆش نەدەکرد و خزمەتی گشــت چین و توێژەکانــی بە بێ جیاوازی دەکــرد و پەنایان بۆ دەبرد و داوای هاوکاریان لــێ دەکرد، جێی خویەتی هەموومان ئەو ســەرکردەیە بکەینە نموونەیەك بــۆ کارکردنمان و یان خزمەتکردنمان لە بواری وەرزش تا روح و گیانی پاکی ئەو شــەهیدە خۆشەویستە ئاسوودە بکەیــن و دڵنیای بکەین، کە لــە دوای خۆی کۆمەڵێك هەڤاڵ و کادیر و دڵســۆزی بەجێهێشتووە کە بتوانن درێژە پێدەرێ ئەو رێبازە بن کە ئەو هەڵیگرتبوو.

**لە کۆتایشدا وێنەگری فۆتۆگرافی وەرزشی مەحمود هەولێری تیشــکی خستە ســەر ئەو بۆنەیە و گوتی:** هەر چەندە باسی ئەو شــەهیدە بکرێ هەر کەمە، چونکە بە درێــژای ژیانی خزمەتی کورد و کوردســتانی کردووە و رۆڵێکــی گرنگی هەبووە لەبەرە و پێشــڤەچوونی بزاڤی وەرزشــی خودی خۆم وەکو وەفایەك بۆ ئەو زادە پاکە هەموو ســاڵێك لە ساڵیادی شەهیدبوونی پێشانگایەکی فۆتۆگرافی تایبەت بەو ســەرکردەیە یەدەکەمــەوە، بە هەقیقەت ســەرکردەیەکی سیاسی و وەرزشــی بوو و خەمخۆرێکی تەواوی وەرزشــی بوو، بەڕاستی گەر بتەوێ باسی ئەو مرۆڤە پاکە بکەین ئەوە ماوەیەکی یەکجار زۆری دەوێ بۆیە دەڵێم مردن و سەر شۆڕی بۆ ئەو کەسانەی کە دەستی رەشیان گەیشتە جەستەی ئەو مرۆڤە پاك و کورد پەروەرە، هەزاران ســڵاو لە گیانی پاکت کاکە فرەنسۆ هەریری شــەهیدی کورد و کوردستان و شــەهیدی وەرزشوانان و وەرزش دۆستان.






# بۆ یانەکانی کوردستان لە تۆپی باڵە زیاتر بایەخ بە خولی عێراق دەدەن نەوەک خولی کوردستان؟

***دوای ئەوەی گشت یانەکانی کوردستان لە یاری تۆپی باڵە بۆ بەشداریکردنی هەر پاڵەوانیتیەك کە لە عێراق ئەنجام دەدرا پەنایان بۆ یاریزانی عەرەب دەبرد بۆندی گەورە گەورەیان لەگەڵ مۆر دەکرد، بەڵام ئەمساڵ خۆشبەختانە بە پێچەوانەی ساڵاکانی تر گشت یانەکان پشت بە یاریزانەکانی کورد دەبەستن بە دەگمەن یانەیەك بۆندی لەگەڵ یاریزانانی عەربی مۆرکردووە، ئێمەش بۆ زانینی ئاستی یاری تۆپی باڵە لە کوردستان و جیاوازی چییە لە نێوان خولی عێراق و کوردستان؟ و هۆی چییە یانەکانی کوردستان لە تۆپی باڵە زیاتر بایەخ بە خولی عێراق دەدەن نەوەك خولی کوردستان؟ لە کاتی ئەنجامدانی یارییەکانی خولی پلە نایابەکانی عێراق لە تۆپی باڵە بە پێویستمان زانی ئەم راپۆرتە ئامادە بکەین.***

راپۆرت: رێبین رەمزی



**سەرەتا هۆزان عەبدوللا یاریزانی یانەی شەقلاوە بەم شێوەیە هاتە ئاخافتن:**

یارییەکانی خولی عێراق زۆر خۆشە و بەهێزە، بەڵام تەنیا یەك گرفتمان هەبوو ئەویش یارییەکان رۆژانە ئەنجام دەدرا ئەوەش کێشەی بۆ گشت یانەکان دروست کرد، ئاستی یانەکانی کوردستان زۆر بەهێزە، هەروەها لە خولی کوردستان رەکابەرییەکی بەهێز هەیە لە نێوان یانەکان بۆ بە دەست هێنانی ئەم خولە، یانەی شەقلاوە یەکێکە لە یانە پاڵێوراوەکان بۆ بە دەست هێنانی خولی کوردستان، خولی کوردستان بۆ ئێمە خۆشترە و بەهێزترە، چونکە گشت یاریزانەکان کوردن، هەروەها رەکابەری زۆری تێدایە، بەڵام لە خولی عێراق ئەم جۆرە تام و چێژی نییە بۆ ئێمە، ئاستی ناوبژیوانانی کوردستان زۆر باشن راستە هەندێك هەڵە هەیە، بەڵام هەڵەکان بچووکن زۆر کاریگەری لە یارییەکانی نەکردووە، ئێستا بە گشتی ئاستی یانەکانی کوردستان بەرەو باشی دەروات و زۆر بەهێزن، بە پێشبینی خۆم ئەمساڵ یانەی شەقلاوە دەبێتە پاڵەوانی خولی کوردستان.

**دواتر عەلی هادی یاریزانی یانەی سۆلاف گوتی:**

ئاستی خولی عێراق زۆر بەهێزە و یانەی زۆر بەهێز بەشداری تیاییدا دەکەن، هەروەها یانەکانی کوردستان کاتێك بەشداری لە خولی عێراق دەکەن ئەم خولە دەبێتە خۆ ئامادە کردنێك بۆ خولی کوردستان تاکو بتوانن لە خولی کوردستان ئەنجامی باش بە دەست بێنن، دەبێ ئەوەش بڵێن کە ئاستی خولی کوردستان ئەمساڵ زۆر بەهێزە و هەروەها یانەکانیش بەهێزن، بەڵام بۆ ئێمەی یاریزان هەر خولی کوردستان خۆشە تامو چێژێەکی تایبەتی هەیە، تا ئێستا ناوبژیوانەکان هیچ کەمو کورییان نییە و ئاستیان زۆر باشە، ئاستی یانەکانی کوردستان مام ناوەندیە، چونکە هەندێك یانە ئاستیان زۆر بەرزە و هەندێکیش ئاستیان زۆر نزمە واتە دەتوانین بە گشتی بڵێن ئاستی یانەکانی کوردستان مام ناوندیە، لە خولی کوردستان من هەردوو یانەی شەقلاوە و پێشمەرگە پالێوراو دەکەم بۆ بە دەست هێنانی خولی کوردستان.

**پاشان ئەحمەد شەهاب یاریزانی یانەی هەولێر بەم شێوەیە هاتە ئاخافتن:**

ئاستی خولی عێراق زۆر بەهێزە و یانەی بەهێز بەشدارییان لەم خولە کردووە، ئێمە زیاتر بایەخ بە خولی کوردستان دەدین، هەروەها خولی کوردستان زۆر گرنگترە بۆ ئێمە لە خولی عێراق لەبەر چەند هۆیەك، ئێمە ئێستا لە یارییەکانی پاڵاوتن خولی پلە نایابەکانی عێراق سەرکەوتین بۆ قۆناغی داهاتوو، وا بریارە ئەم قۆناغش لە بەغدا ئەنجام بدرێ کچی بەهۆی بارودۆخی ئەمنی زۆر زەحمەتە ئێمە بەشداری بکەین ئەو هەموو ماندو بوونەشمان بەفیرۆ دەچێت، بەڵام خولی کوردستانیش لە نێو خاکی خۆمان ساز دەکرێت و هەموو خەڵك یارییەکانم دەبینی و رەکابەرییەکی زۆری تێدایە، یانەکانی کوردستان زۆر بەهێزن وەك شەقلاوە و پێشمەرگە کە رەکابەری یانەی هەولێر دەکەن بۆ بە دەست هێنانی خولی کوردستان یانەکانی ترش ئاستیان

باشە، ئاستی ناوبژیوانان زۆر باشە و یارییەکان بە سەرکەوتوویی بەڕێوە دەبەن هیچ هەڵەیەکیـــان نییە و هێوادارم زیاتر بایەخیان پێ بدرێت.

**دواتر گۆڤار جەمال یاریزانی یانەی نیشـــتمان بەم شـــێوەیە هاتە ئاخافتن:**

ئێمە وەکـــو یانەی نیشـــتمان بۆ یەکەمین جار بەشـــداری لـــە خولی عێراق دەکەین و ئاســـتی ئەم خولـــە زۆر بەهێزە و یانەی یەکجار بەهێز بەشـــدارییان تێدا کردووە و ئێمە بە هۆی نەبوونی هۆڵ نەمانتوانی ئەنجامی باش بە دەست بێنین، بەڵام ئاســـتی یانەکەمان لە خولی کوردستان زۆر بەهێزترە و باشترە و ئەنجامی باشتریش بە دەســـت دێنین، ئێمە وەکو یاریزانەکان زیاتر گرنگی بە خولی کوردســـتان دەدین و خولی کوردســـتان زۆر بەهێزترە و خۆشـــترە و ڕەکابەرییەکی زۆری تێدایە، بەڵام لە خولی کوردســـتان هەندێك کەمو کوری هەیە وەك نەبوونی ناوبژیوانی باش و بەڕێوەبردنی یارییەکان وەکو پێویســـت نییە و هەندێك کەمو کوری تریش.

**پاشان بەکر مستەفا ســـەرۆکی لیژنەی ناوبژیوانانی تۆپی باڵەی عێراق دەربارەی ئاستی ناوبژیوانان گوتی:**

ئەتوانم بڵێم ئاستی ناوبژیوانەکان زۆر باشە و یارییەکان زۆر بە باشی بەڕێوە دەبەن، ئەمســـاڵ پاڵەوانییەتیەکانمان زۆر بوون وەکو خولی پلە نایابەکانی عێراق و خولی کوردســـتان ئەمەش وای کرد کە ئاستی ناوبژیوانەکان زیاتر پێش بکەوێ، تا ئێستا لە هەردوو خولی عێراق و کوردستان هیچ گازندەیەك ئاراستەی ناوبژیوانان نەکراوە، ئەمســـاڵ ئاســـتی یانەکانی کوردســـتان ئەمساڵ زۆر بەهێزن، چونکە گرنگیان بە یاریزانە لاوەکان داوە و ئێســـتا یانەکانی کوردســـتان ڕەکابەری یانەکانی ناوەڕاست و یانەکانی بەغدا دەکەن و لەوانیش بەهێزترن، هیوادارم زیاتر بایەخ بـــە یاریزانە لاوەکان بدەن، چەند هۆیـــەك هەیە کە بۆتە هۆی کەمـــی ناوبژیوانی نێودەوڵەتی، دەبـــێ ناوبژیوانەکان چەندین خولی بەهێزکردنیان هەبێت و زمانی ئینگلیزی بە باشی بزانن و دەبێ ناوبژیوانی پلەی یەك بێت و گشـــت یاســـاکان بزانن و تەمەنیان لە ٤٠ ساڵ کەمتر بێت، ئێستا ئێمە لە هەموو عێراق دەگەڕێین بۆ ئـــەوەی بتوانین چوار ناوبژیـــوان بدۆزینەوە تاکو پالێوراویـــان بکەین بۆ ئەوەی ببنە ناوبژیوانی نێودەوڵەتی، ئێمە هەندێك ناوبژیوانمان هەیە کە ئاستیان زۆر باشە و دوا ڕۆژێکی گەشـــیان هەیە، داواکارم لە ناوبژیوانەکان پێش دەست پێکردنی یارییەکان با یاســـاکان بە باشـــی بخوێننەوە بۆ ئەوەی تووشی هیچ گرفتێك نەبن لە کاتی بەڕێوەبردنی یارییەکان.

**دواتر موئەیەد مەغدید جێگری یەکەمی ســـەرۆکی یەکێتی تۆپی باڵەی عێراق گوتی:**

ئەمســـاڵ شتێکی دلخۆشکەرم تێبینی کرد ئەویش یانەکانی کوردستان هیچ بۆندێکیان لەگەڵ یاریزانی عەرەب مۆرنەکردووە ئەمەش جێگای دڵخۆشـــیە بۆ ئێمە، ئاستی خولی عێراق زۆر باشە و یانەکانی هەولێر و شەقلاوە و پێشمەرگە و دهۆك ئاستیان یەکجـــار بەرزە، هەندێك هۆ هەیـــە کە وا لە یانەکان دەکات کە زیاتر بایەخ بە خولی عێراق بدەن نەوەك خولی کوردستان، یەکێك لە هۆیەکان ئەوەیە کە لە خولی عێراق یانەکان دەتوانن بەشداری پاڵەوانیەتیەکانی ئاســـیوی و عەرەبی بکەن و ئەمســـاڵیش وا بریـــارە ئەو یانانەی کە بە پلەی یەکەم و دووەم دێن بەشـــداری پاڵەوانیەتی ئاســـیا دەکەن و ئەو یانانەی کە بە پلەی سێیەم و چوارم دێن بەشداری لە پاڵەوانیەتی عەرەبی دەکەن ئەمەش وا لە یانەکان دەکات زیاتر خۆیان ماندوو بکەن، هەروەها هۆیەکی تریش هەیە ئەویش ئەو یانانەی کە پلەی باش بە دەســـت دێنن پـــارە وەردەگرن ئەمەش دەبێتە هاندرێـــك بۆ یانەکان وهۆیەکی گرنگتر هەیە ئەویش یاریزانەکان دەیانەوێ باشـــترین ئاســـتی خۆیان نیشـــان بدەن تاکو بتوانن لە ڕیزی هەڵبژاردەکانی لاوان و تازەپێگەیشـــتوانی عێراق و هەڵبژاردەی یەکەمی عێراق یاری بکەن ئەمانەش هەمووی هۆکاری ســـەرەکین کە یانەکان زیاتر بایەخ بە خولی عێراق دەدەن، بە پێشـــبینی خۆم ئەم کێشانەی کە پارســـاڵ لە خولی عێراق ڕوویدا ئەمساڵ دووبارە نابێتەوە، بەشـــداری نەکردنی یانەی بروســـك لە پاڵەوانیەتی خولی پلە نایابەکانی عێراق بۆ دەســـتەی کارگێـــری دەگەڕێتەوە کە بە بێ هۆ بڕیاریاندا کە بەشـــداری نەکەن، خولی عێراق ئەمساڵ بەم شـــێوەیەی خوارەوە بەڕێوە دەچێت لە ناوچەی کوردستان و باکوور چوار یانە بەسەر دەکەوێت و لە ناوچەکانی تریش هەشت یانە بەســـەر دەکەوێت و کۆی گشتی یانەکان دەبێت (١٢) یانە ئەم (١٢) یانەیە بە ســـەر دوو گرووپ دابەش دەکرێت لە هەر گرووپێك دوو یانەی سەر دەکەوێت بۆ چوار گۆشەی زێرین کە وا بڕیارە چوار گۆشـــەی زێرین ئەمساڵ لە بەغدا ساز بکرێت، هۆی دابەزینی ئاســـتی هەڵبـــژاردەی عێراق لە تۆپی باڵە بۆ ئەو گەمارۆیە دەگەڕێتەوە کە لەســـەر عێراق بوو، هەروەها ئێمە هەوڵمان داوە کە ڕاهێنەرێکی بێگانە بێنین ئینجا چ لە ڕووسیا بێت یان لە ئۆکرانیا بێت، بەڵام ئێمە گرفتێکمان هەیە کاتێك لە هەر شوێنێك باسی عێراق دەکەین کەس ئامادە نییە بێتە عێراق بۆ ئەوەی کار بکات ئەوەش کێشەیەکی زۆر گەورەیە بۆ ئێمە.

**پاشان فەرهاد خەیات سەرۆکی یانەی شەقلاوە گوتی:**

ئێمە وەکو یانەی شەقلاوە بە یاریزانی کورد و ڕاهێنەری کورد بەشداریمان لەو پاڵەوانیەتیە کردووە بە پێچەوانەی یانەکانی تر ئەمەش شتێکی زۆر گەورەیە بۆ ئێمە، ئاستی خولەکە ئەمساڵ زۆر بەهێـــزە، هەروەها زۆربەی زۆری یانەکان بە یاریزانی کورد بەشـــدارییان لەم پاڵەوانیەتیە کردووە ئەمەش سودێکی یەکجار گەوری دەبێ بۆ ئێمە، بە پێشـــبینی خۆم یـــاری تۆپی باڵە لە کوردســـتان بە گشتی و لە شـــاری هەولێر بە تایبەتی زۆر پێشکەوتووە و ڕۆژ بە ڕۆژ جەماوەر زیاتر ڕوو لە هوڵەکان دەکات بۆ بینینی یارییەکان من دەستخۆشی لە یەکێتی ناوەندی تۆپی باڵەی کوردســـتان دەکەم، چونکە توانیان ئاستی ئەم یارییە لە کوردســـتان پێشبخەن و ئاستی ناوبژیوانەکان زۆر باشە هیوادارم باشتریش بێت.

**لە کۆتایشـــدا مەریوان ئیبراهیم بەرپرســـی هۆڵی داخراوی شـــەهید فرانسۆ هەریری دەربارەی تا چەند ئەم هۆڵە شیاوە بۆ بەڕێوەبردنی یارییەکان بە تایبەتی یاری تۆپی باڵە ئەویش بەم شێوەیە هاتە ئاخافتن:**

ئەوەی ڕاســـتی ئەم هۆلە مێواندای گشت یارییەکان دەکات جا چ لە ئاســـتی عێراق بێت یاخود لە ئاستی کوردستان بێت، هیچ لایەنێـــك گرنگیمان پێ نادەن یاخـــود یارمەتیمان نادەن تەنیـــا دێن چالاکی خۆیان ئەنجام دەدن یەکســـەر دەڕۆن، گەر سەیری تارتانەکی بکەین دەبینین کە بە هیچ شێوەیەك شیاوی یاریکردن نییـــە، چونکە تارتانەکە هەســـتاوە هەروەها پێژەکان شکاوە و پێویســـتی بە نۆژنکردنەوە هەیە، تا ئێستا نە لیژنەی ئۆلۆمپی هەرێمی کوردستان و نە وەزارتی وەرزش و لاوان هیچ بایەخێکیـــان بەم هۆڵە نەداوە، هیوادارم بە زووترین کات ئاورێك لەم هۆڵە بدەنەوە.










### لەمیانی یارییەکانی قۆناغی (١٦) خولی پاڵەوانانی ئەوروپا

## هەردوو یانەی لیڤەرپوول و ئەرسناڵ میوانداری یانەی ئەی سی میلان و ئەنتەر میلان دەکەن

لــە میانی یارییەکانــی قۆناغی (١٦)ی خولــی پاڵەوانانی ئەوروپا وا بریارە رۆژی سێشــەممە و چوارشــەممە یارییەکانی چۆن بەرێوە بچێــت کە چەندین یاری گرنگ ئەنجام دەدرێت، لە لوتکەی یارییەکاندا رۆژی سێشەممە یانەی لیڤەرپوول میوانداری یانــەی ئەنتەر میلان دەکات کە بــە لووتکەی یارییەکانی رۆژی سێشەممە دادەندرێت و هەروەها رۆژی چوارشەممە یانەی ئەرسناڵ میوانــداری یانەی ئەی ســی میلان دەکات ئەمــەی خوارەوەش خشتەی یارییەکانە.

**یارییەکانی سێشەممە**

لیڤەرپوول ئینگڵتەرە – ئەنتەر میلان ئیتاڵیا

ئۆلۆمپیاکۆس یۆنان – چێلسی ئینگڵتەرە

رۆما ئیتاڵیا – ریال مەدرید ئیسپانیا

شاڵکە ئەڵمانیا – پۆرتۆ پورتوگال

**یارییەکانی رۆژی چوارشەممە**

سێلتیك ئوسکتلەندا – بەرشلۆنە ئیسپانیا

لیۆن فەرەنسا – مانچستەر یۆنایتد ئینگلتەرە

فنەربخچە تورکیا – ئیشبیلیە ئیسپانیا

ئەرسناڵ ئینگڵتەرە – ئەی سی میلان ئیتاڵیا

جێگای باسە گشت یارییەکان کاتژمێر (١٠,٤٥) بە کاتی کوردستان ئەنجام دەدرێت.



### لە خولی ئیسپانیا

## یانەی ئیشبیلیە میوانداری یانەی زەرگۆزا دەکات




لە میانی یارییەکانی هەفتەی (٢٥)یەمی خولی ئیســپانیا وا بریارە رۆژانی شەممە و یەك شەممە چەندین یاری گرنگ ئەنجــام بدرێت کە تیاییدا یانەی ئیشــبیلیە میوانداری یانەی ریال زەرگــۆزا دەکات، هەروەها یانەی بەرشــلۆنە میوانداری یانەی لیڤانتیێ دەکات و یانەی ریال مەدرید میوانداری یانەی خیتافیێ دەکات ئەمەی خوارەوەش خشتەی یارییەکانە.

ئیشبیلیە – زەرگۆزا

ریال مەدرید – خیتافی

بەرشلۆنە – لیڤانتیێ

ڤالنسیا – ریکریاتیڤۆ هوێلفا

ریال مایۆرکا – ریال بێتیس

دیڤرتیڤۆ لاکرۆنیا – ئیسپانیۆل

ئەتلتیکۆ بلباو – ڤیاریال


رایسینگ سانتدێر – ئەلمریا

ئۆساسۆنا – ئەتلتیکۆ مەدرید

ریال مۆرسیا – بەلەد وەلید

### لەمیانی یارییەکانی خولی ئیتاڵیا

## یانەی رۆما میوانداری یانەی ڤیرۆنتینا دەکات



لە میانی یارییەکانی هەفتەی (٢٤)یەمــی خولــی ئیتاڵیا رۆژانــی شــەممە و یەك شەممە چەندین یاری گرنگ ئەنجام دەدرێت، کە گرنکتریان یانــەی رۆمــا میوانداری یانەی ڤیرۆنتینا دەکات هەروەها یانەی ســامبدۆریا میوانداری یانــەی ئەنتەر میــلان دەکات ئەمەی خوارەوەش خشــتەی یارییەکانە:




**رۆژی شەممە**

تۆرینۆ – پارما

ریجینا – یۆڤنتۆس

**رۆژی یەك شەممە**

رۆما – ڤیرۆنتینا

سامبدۆریا – ئەنتەر میلان

ئەتلانتا – سیینا

کالیاری – لازیۆ

ئیمپۆلی – کاتانیا


لیڤۆرنۆ – ناپۆلی

ئۆدنیزی – جەنەوا

میلان – پالێرمۆ

### لە میانی یارییەکانی خولی پلە نایابەکانی ئینگلتەرە

# یانەی نیوکاسیل یۆنایتد میوانداری یانەی مانچستەر یۆنایتد دەکات



لە میانی یارییەکانی هەفتەی (٢٧)یەمی خولی ئینگلتەرە رۆژانی شـــەممە و یەك شەممە و دووشەممە چەندین یاری گرنگ ئەنجام دەدرێت کە تیاییدا یانەی نیوکاســـیل یۆنایتد میوانـــداری یانەی مانچســـتەر یۆنایتـــد دەکات و هەروەها یانـــەی لیڤەرپوول میوانداری یانەی میدلزبرە دەکات ئەمەی خوارەوەش خشتەی یارییەکانە.

**رۆژی شەممە**

بێرمنگهام سیتی – ئەرسنال

فۆلهام – ویست هام یۆنایتد

لیڤەرپوول – میدلزبرە

بۆرتسمۆس – سندرلاند

ویگان – دێربی کاونتی

نیوکاسیل – مانچستەر یۆنایتد

**رۆژی یەك شەممە**

ریدینگ – ئەستۆن ڤیلا

بلاکبێرن – بۆڵتۆن


**رۆژی دووشەممە**

مانچستەر سیتی – ئیڤرتۆن

### لە خولی هۆلندا

## یانەی برێدا میوانداری یانەی ئەجاکس ئەمستردام دەکات

لە میانی یارییەکانی هەفتەی (٢٦)یەمی خولی هۆلندا کە رۆژانی هەینی و شـــەممە و یەك شـــەممە یارییەکان ئەنجام دەدرێت کـــە تیاییدا یانەی برێدا میوانداری یانەی ئەجاکـــس دەکات، هەروەها یانـــەی ئایندهۆڤن میوانداری یانەی دی گرافشـــاب دەکات ئەمەی خوارەوەش خشتەی یارییەکانە.



**رۆژی هەینی**

سپارتا رۆتردام – ئۆتریخت

**رۆژی شەممە**

فیتیسە ئەرنێهم – رۆدا

هیراکلیس – فینۆرد

ئەکسیلسیۆر – فیلیم

ئەلکمار – تڤێنتی

**رۆژی یەك شەممە**

فی فی فی – گرۆنیگین

برێدا – ئەجاکس

هێرنیڤین – نیمیگین

ئایندهۆڤن – دی گرافشاب



### لە خولی فەرەنسا

## یانەی پاریس سان جێرمان میوانداری یانەی مۆناکۆ دەکات

لە میانی یارییەکانی هەفتەی (٢٦)یەمی خولی فەرەنسا کە رۆژانی شەممە و یەك شـــەممە یارییەکان ئەنجام دەدرێت کە تیایدا یانەی پاریس ســـان جێرمان میوانداری یانەی مۆناکۆ دەکات، هەروەها یانـــەی لیۆن میوانداری یانەی میتز دەکات ئەمەی خوارەوەش خشتەی یارییەکانە.

**رۆژی شەممە**

کان – سانت تیان

لیۆن – میتز

نانسی – لانس

نیس – ئۆکسێر

پاریس سان جێرمان – مۆناکۆ

رین – لۆریان

ستراسبۆرگ – سۆشۆ

ڤالینسیان – لۆمان

**رۆژی یەك شەممە**

تۆلۆز – مارسیلیا

بۆردۆ – لیل

### لە خولی ئەڵمانیا

## یانەی بایرەن میونیخ میوانداری یانەی هامبۆرگ دەکات

لە میانـــی یارییەکانی هەفتـــەی (٢١)یەمـــی خولـــی ئەڵمانیـــا رۆژانی هەینـــی و شـــەممە و یەك شـــەممە چەندیـــن یاری گرنـــگ ئەنجـــام دەدرێت کـــە تیاییدا یانـــەی بایرەن میونیـــخ میوانداری یانەی هامبۆرگ دەکات و هەروەها یانەی بایـــرەن لیڤەرکۆزن میوانداری یانەی شـــاڵکە دەکات ئەمـــەی خوارەوەش خشتەی یارییەکانە

**رۆژی هەینی**

بۆخۆم – هانۆڤر

**رۆژی شەممە**

ئەرمینیا بلیفێلد – دۆیسبۆرگ

بروسیا دۆرتمۆند – هانزا رۆستۆك

ئینتراخت فرانکفۆرت–ڤێردەر برێمن

بایرەن لیڤەر کۆزن – شاڵکە

شتۆتگارت – کارلسرۆهر

ڤۆلسڤۆرگ – هێرتا بەرلین

**رۆژی یەك شەممە**

بایرەن میونیخ – بۆخۆم

نۆرنبێرگ – ئینرجی گۆتبۆس

